# بــۆ رای گشتــی

**دەستلەكار كێشانەوەی تەواوی ئەندامانی لقی سلێمانی و بەرپرسی لق و دەستەی كارگێڕی چەمچەماڵی چاودێری كوردۆساید - چاك**

**بەڕێزان جەماوەری خۆشەویستی كوردستان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاكانی ڕاگەیاندن...**

**ئێمە وەك تەواوی ئەندامانی لقی سلێمانی جگە لەتەنها ئەندامێك و بەرپرسی لق و دەستەی كارگێڕی چەمچەماڵی (ڕێكخراوی چاودێری كوردۆساید – چاك) وەك بەرپرسیارێتییەكی ئەخلاقی و مێژوویی دەستلەكار كێشانەوەی خۆمان بۆ ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوە ڕادەگەیەنین، هۆی دەستلەكاركێشانەوەكەشمان پەیوەندی بەم خاڵانەی خوارەوە هەیە:-**

**١. هەمووان دەزانن كە ساڵی پار لە لقی سلێمانی نزیكەی تەواوی ئەندامانی چاك لەو ڕێكخراوە دەستلەكار كێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند لەبەر چەند خاڵێك كە پەیوەندی بە بێ دیسپلینیەوە هەبوو بەڵام ئەوەی بەدی دەكرێت ئەو بێ دیسپلینییە تا ئێستاش هەر ماوە و چارەسەر نەكراوە و بگرە زیاتر و دەهێندەش بووە.**

**٢. ئاشكرایە ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٧) نوسینگەی باشووری كوردستان دووەمین كۆنفرانسی خۆی بەست و لەو كۆنفرانسەشدا بەهۆی ئەو پلانەی كە دەستێوەردەرانی (چاك) ئەنجامیاندا بوو هەروەها بەهۆی ئەوەی كە لەهەندێك لقەوە بەكۆستەرخەڵك هێنرا بوو بۆ دەنگدان، لە لقی سلێمانی هیچ ئەندامێك بۆ دەستەی كارگێڕی هەڵنەبژێردرا، ئەمە لە كاتێكدا كە لق هەیە سێ ئەندامی بۆ دەستەی كارگێڕی هەڵبژێردرا، كە بەشێك لەو كەسانە یەكەم ڕۆژیان بوو چاكیان ناسیبوو تەنیا بۆ ئەو ڕۆژە بوونە ئەندام بەڵام ئەمانە بەهۆی كوتلەوە هەڵبژێردران.**

**ئێمەش لەم كارە بەرپرسانی (چاك)ی گشتیمان لە ئەوروپا ئاگادار كردەوە كە هەڵەیەكی گەورەیەو نا لۆژیكیە لەشارێكی وەك سلێمانی كە یەكێك بووە لە لقە هەرە چالاكەكان هیچ ئەندامێكی دەستەی كارگێڕی نەبێت و شارۆچكەش هەبێت چەند ئەندامێكی دەستەی كارگێڕی هەبێت... بەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕ بوونی پتر لە**

دوومانگ بەسەر کۆنفرانسدا، تا ئێستا نە چارەسەری ئەو کێشەیە کرا نە دانیان بەهەڵەی خۆیاندا نا، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەم گرفتانەی دواییدا ناچارماین ئەمە بۆ رای گشتی رابگەیەنین.

٣. ماوەیەکە بەئاشکراو بەنهێنی دەستی حزبەکانی باشووری کوردستان زۆر بەزەقی لەپەیوەندییەکانی ئەم رێکخراوەدا بەدی دەکرێت و لەم چوارچێوەیەشدا بەهەزاران دۆلار لەلایەن بەرپرسانی ئەورووپای (چاك)ەوە لەحکومەت و حزبەکانی باڵادەست وەرگیراوە بێ ئەوەی زۆربەی ئەندامانی (چاك)ی نوسینگەی باشووری کوردستان ئاگادار بێت و کەسیش نازانێت ئەو پارەیە چی لێهاتووە...! ئەمە لەکاتێکدا دەبێت ئەو پارەیە نوسینگەی باشووری کوردستان تەسەروفی پێوە بکات نەك ئەورووپا ئەو پارەیە بۆ خۆی بەرێت، وە دەبووایە روونبکرایەتەوە ئەم پارەیە لەسەر چ بنەمایەك وەرگیراوە و بۆ چ مەبەستێکە!؟

بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی بۆ مێژوو لەبەرامبەر ئەو هەزاران دۆلار و دەستێکەڵ کردنەی حزب بەشدار نەبین دەستلەکار کێشانەوەی خۆمان راگەیاند.

٤. ماوەیەکە دەست وەردانەکانی ئەورووپا بە شێوەیەك پەرەی سەندووە کە هیچ حسابێك بۆ لقی سلێمانی و چەمچەماڵ ناکرێت و لەو نێوەندەشدا چەندین کار لەپشتی ئەم دوو لقەوە و بە بێ ئاگاداری ئەمان ئەنجامدراوە، کە دیارترینیان ناردنە دەرەوەی سێ ئەندامی باشووری کوردستان بوو بۆ هۆڵەندا بە بێئەوەی ئەم دوو لقە ئاگاداربن.

٥. بڕیار بوو رۆژی (٢٠١٠/١٢/٢٧) کاتژمێر (١٠) لە ئوتێل دیلانی شاری سلێمانی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە دانیشتن بکەین، بەڵام بەهۆی نەهاتن و ئامادەنەبوونی نوێنەری دەستەی باڵا و چاکی گشتی بۆیە ئێمە ئەم بڕیارەمان بۆ رای گشتی راگەیاند.

ئەم خاڵانەی سەرەوە و چەندین خاڵیتر بوونە هۆی ئەوەی کە چیتر ئێمە لەم ریکخراوە نا شەفافەی ئێستادا نەمێنینەوە و نە بینە سوتەمەنی و قوربانی چەند کەسێك کە ئێستا لەگەڵ حزبە باڵادەستەکاندا دەستیان تێکەڵ کردووە... ئەمە لەکاتێکدا شانازی بەو کار و چالاکیانەوە دەکەین کە بە شێوەیەکی دروست و پاکو لەسەر گیرفانی خۆمان لەرابردوودا ئەنجاممانداوە، بۆیە نامانەوێ ئەو مێژووەی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارە و ئێستا لەژێر ناوی ئێمەوە چەند کەسانێك هەبن، پارە وەربگرن و ئێمەش ئاگادارنەبین... لەکۆتایدا دڵسۆزان و هەموو ئەو بەرێزانە ئاگادار دەکەینەوە کە لەماوەی رابردوودا هاوکاری ئێمە و (چاك)یان کردووە، هاوکاریەکانیان جێگەی رێزە و بەهەدەر نەچووە چونکە روون و ئاشکرابووە کە چۆن گیرفانی خۆشمان خستبووە خزمەتی ئەو خەڵکە و ریکخراوی چاك، ئێمە پابەندین بە بەڵێنی خۆمانەوە کە ئامادەنین لەبن ناوی ئەنفال و هەڵەبجەدا پارە لە دەسەڵات وەربگرین و دیاریش نە بێت چی لێدەکەین، بۆیە ئێمە لەم دۆخە بەرپرسنین و دە بێت ئەوانەی ئەو هەزاران دۆلارەیان وەرگرتووە وەڵام بدەنەوە...

* ناوەکان:-

١. مەستوورە مەحمود — ئەندامی پێشووی دەستەی کارگێڕی

٢. عوسمان مەحمود — بەرپرسی پێشووی لقی سلێمانی

٣. کاروان سالار — ئەندامی پێشووی دەستەی باڵا

٤. سەربەست نەریمان — ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی لقی چەمچەماڵ

٥. چەزا ئەحمەد — ئەندام

٦. چۆمان عوسمان — ئەندام

٧. هاوژین غەریب — ئەندام

٨. بیرێڤان محەمەد — ئەندام

٩. محەمەد رۆژئاوایی — ئەندام